# ئێمەو ئێوە....... ژوانێك بۆ ئاینده



به مەبەستی وشیار کردنەوە و هاندانی خەڵکی لە ئاستێکی فراوانی میللیدا بۆ وەستانەوە دژی هاتنەناوەوەی سوپای تورکیا بۆ هەرێمی کورستان لە هەولێری پایتەختدا، کۆمەڵێك قوتابی پەیمانگای هونەرە جوانەکان لە هەولێر و چەند شانۆکارێکی ئارەزومەند بە سەرپەرشتی (سەنتەری ئالاٌ بۆ پەرەپێدانی رۆشنبیری قوتابیان)و لە دەرهێنانی هونەرمەند (رزگار ئەمین) بە ستایلی (شانۆی گەرۆك) رۆژی ۳/۳/۲۰۰۳ نمایشی (ئێمە و ئێوە ...... ژوانێك بۆ ئاینده) لە رێرۆیشتنی شاری هەولێردا بۆ نارەزایی دەربڕین دژی هاتنی سوپای تورکیا، لەنێو ئاپۆڕای خەڵکدا دوو جار نمایش کراو بووە مایەی سەرنجی ئامادەبوان و کەناڵە جیا جیاکانی راگەیاندنی ناوخۆیی و بیانی.

دەقەکە لە مێژووەوە ئامادە کرابوو ڤۆڵدەری نمایشەکەش کۆمەڵێك زانیاری مێژوویی پێویستی لە تاوانکاریەکانی تورك لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانی و تورکیای تازەشەوە بەرامبەر کوردی بەخۆوە گرتبوو، بەسەر جەماوەرێکی زۆردا بلاٌوکرایەوە.

بڕیارە چەند نمایشێکی تر لە شوێنی جیا جیا ئەنجام بدرێت، بۆ ئەوەی کەف و کوڵی هەستی کوردانەی رێپێوانەکە بەردەوام بێت و کۆبونەوە و قسەکردن و هەڵوێست وەرگرتن لە ئاست ئەم کێشە چارەنووسسازە درێژەی هەبێت.

(ئەوە هونەرە بە گشتی و بە تایبەتیش شانۆیە نوێنەری خۆیەتی و خۆی دەکاتە میوانی بێوادەی خەڵك لە شەقام و گەڕەك و بازاڕ و شوێنە گشتییەکان و لەگەڵ خەڵکدا بۆ ئایندەیەکی پڕشنگداری نەتەوەیی وێل و سەرگەردانە)، ئەمە پەیامی یەك یەکی بەشداربوان و هاوکاران و بینەرانی نماشەکەیە.





ڤۆڵدەر

١٥١٤ شەڕی چاڵدیران کە کوردستانی تێدا بەشکراو عوسمانیەکان دەستیان بەسەر چەند ئیماراتێك داگرتو خستیانە ژێر حوکمڕانی تورکەوە، پاشان لە سەدەی نۆزدەدا یەك بەدوای یەك لەناوی بردن.

١٦٦٨ میرنشینی بەدلیسیان خست کە هەڵۆخان میریان بوو، مێژوو بۆمان دەگێڕێتەوە کە هەموو حوشتری سویاکەیان بەشی ئەوەی نەکرد کتێبەکانی ئەو میرنشینە بگوێزنەوە.

١٨٣٦ میرنشینی سۆرانیان لەناوبرد کە محەمەد یاشای گەورەی میری سۆرانی تێدا شەهید کرا.

١٨٤٧ میرنشینی بۆتان روخێنراو بەدرخان پاشا کە خەونی بە دەوڵەتی کوردیەوە دەبینی دوورخرایەوە بۆ دورگەی کریت لە یۆنان.

١٨٥١ میرنشینی بابن روخێنراو شاعیرێکی گەورەی وەك نالی لە داخی داگیرکاری تورکان دوور لە حەبیبەو شارەزوور لە غەریبیدا سەری نایەوە.

١٨٥٤ شۆڕشی یەزدان شێریان لەناوبرد.

١٩٠٩ شێخ سەعیدی باوکی شێخ مەحمودی حەفیدیان لە موصلّ لە سێدارەدا.

١٩١٤ شێخ عەبدولسەلامی بارزانیان لەشاری موصلّ لە سێدارەدا.





١٨٣٩ پەیماننامەی زەهاویان بەست کە یەکەمین دابەشکردنی رەسمی کوردستان بوو.

- ١٨٤٣ پەیماننامەی ئەرزرۆ لە نێوان تورك و فارسدا بەسترا بۆ دیاریکردنی سنورو دابڕانی هۆزەکانی کورد لە یەکتری.
- ١٩٢٢ ئەو هیوایەی کە پەیمانی سیڤەر بۆ سەربەخۆیی بە کوردی بەخشیبوو لە پەیمانی لۆزان بە دەستی تورك هەڵوەشێنرایەوە.
- ١٩٢٧ تورك یەکەم وڵات بوو کیمیاوی بەرامبەر کورد لە شۆڕشی ئاگریداغی کوردستان بەکارهێنا.
- ١٩٣٢ وشەی کوردو کوردستان لە نوسراوەکانی تورکدا قەدەغە کراو بە کورد گوترا تورکی کێوی.
- ١٩٣٧ تورك لەگەڵ عێراق و ئێراندا پەیماننامەی سەعد ئابادییان بەست بۆ دژایەتی کردنی داواکاریەکانی کورد لە پارچەکانی خۆیاندا.





**ئەکتەرەکان**

رزگار محمود .

بەهمەن حاجی.

چرۆ أسماعیل .

کاردۆ بەهادین .

ڕێبوار حەسەن .

بەیار ئاکرەی .

کۆسرەت عبد الرحمن .

شۆرش عبدالرحمن .

پێشەوا عمر .

ڕەوەز ئەحمەد .

هەردی حسین .

**مۆسیقا ژەن**

| | |
|---|---|
| کارزان رشید | کلارنێت |
| هێرش ئەحمەد | دەف . |
| ئاسۆ عبدالرحمن | سەنج . |
| سامان عبدالکریم | تەپڵ . |

**فۆتۆ**

سەفین محمەد

شڤان مستەفا



**دەرهێنەر**